## بێ ڕێفراندۆم لە کوردستاندا
## دیمۆکراسیەت لە عێراقدا مەحاڵە !!!

**مستەفا گەرمیانی**
**سوید**

**پرسێکی زۆر سادە لە سەرکردایەتی سیاسی ئەم قۆناغە مێژووییەی کوردستانی پاش سیانزە ساڵ ئازادی و ڕاپەڕین ئەوەیە  کە یەک تاکە دەوڵەتی عارەبی لە هەموو جیهاندا هەیە کە سیستەمێکی دیمۆکراسی بەڕێوەی بەرێ، تاکوو عێراق ببێتە دووەمییان؟**

هەشتا ساڵ زیاترە و لە دوای پەیمانی لۆزانەوە،کورد لە باشوری کوردستاندا کراوەتە کەمایەتی! و هاولاتی پلەدوو،سێ وچواریش ولە لایەن حکومەتە یەک لە دوای یەکەکانی عێراقی داگیرکەرەوە سەدان کارەساتی بە سەردا هێنراوە!ئێستاش وا دووبارە سەرکردایەتی سیاسی کورد کە ئەمڕۆ خۆی لە بەردەم تاقیکردنەوەیەکی ئێجگار مێژووییدا دەبینێتەوە وا دوبارە بە ناوی یەکێتی خاکی عێراقەوە یان یەکێتی ئارەزوومەندانەوە!!{نازانم بە ئارەزووی کێ}؟!بە هانای برا عارەبەکانمانەوە! دەچێ بۆ دامەزراندنی سووپا و حکوومەتی ئەو عارەبانەی کە حکوومەتییان پێ دانامەزرێ !باپیرانمان ووتوویانە:{گەر یەکەم جار خەڵەتام بۆت،خوا بتگرێ!بەڵام گەر دووەمین جاریش خەلەتام بۆت،خوا خۆم بگرێ!}لە سەردەمی پەیمانی لۆزان دا کورد لە بەردەم تورکی زۆرزان- دا!دەرفەتە مێژووییەکەی لە دەست چوو،ئەی ئێستا بۆچی ئەم دەرفەتە دانسقە و مێژووییە لە دەست خۆمان بدەین؟ سبەینێ کێ بەرپرسیارە بەرانبەر مێژوو،بەرانبەر نەوەکانی داهاتوو؟ئەمە لە سەردەمێکدا کە بە هۆی سەردەمی جیهانگیرییەوە ،دونیا ئاگای لێمانە تەنانەت مناڵانی کورد بە ئینتەرنێت یاری دەکەن و سبەینێ بێ دەوڵەت لێمان ڕازی نابن،بێ ناسنامە لێمان ڕازی نابن،ئەمە لە سەردەمێکدا کە سیانزە ساڵە کورد لەکوردستاندا لە سەر پێی خۆی وەستاوەو لاوانی کورد زیاتر لە دوو ملیۆن ئیمزایان کۆکردۆتەوە بۆ ڕیفراندۆم لە کوردستاندا،بێگومان ئامادەشن بڕژێنە شەقامەکانەوە بۆ دیاریکردنی چارەنووس ودوارۆژی خۆیان !
ئێستا پرسیارە مێژووییەکە ئەوەیە کەئایا سەرکردایەتی سیاسی کورد لەم سات و ساڵە چارەنووس سازەدا دەبێ بەرەو هەڵبژاردن بڕوا یان بەرەو ڕیفراندۆم لە کوردستاندا؟ پێموایە سیاسەتمەدارانمان دەڵێن لە پێشدا بەرەو هەڵبژاردن و لەوسەرەوە هاتینەوە بەرەو ڕیفراندۆم دەچین !!بەڵام من دڵنیایان دەکەمەوە کە ڕێگەی بەغداد،هێندە پێچەڵ پێچە{بەرمۆدای سیاسی عێراقە!}و ئەوەی بۆی بڕوا لەوسەرەوە وا بە ئاسانی ناگەڕێتەوە!بۆیە چاکترە زوو بگەڕێنەوە بۆ لای ئیمزاکانی ڕیفراندۆم{دەنا ئیمزاکانیش بە

گۆیرەی یاسا نێو دەوڵەتێکان دوای ساڵێک ئیعتباریان نامێنیٚ}لە ڕاستیدا ئەم یەکێتی یە ئارەزوومەندانە نییە لە گەڵ عێراقدا بۆیە زۆر بڕناکا ! ئەمە هەمان یەکێتی نا ئارەزوومەندانەیە کە هەشتا ساڵ لەمەوبەر تووشی بووین و لەساوە نەوە دوای نەوە باجەکەی دەدەین،بگرە ئەم جارەیان خراپتریشە!!لەبەر ئەوەی هەشتا ساڵ لەمەوبەر ناسیۆنالیزمی عەرەب لاوازتر و پەیوەندی عارەب وکورد لە ژێر چەتری برایەتی ئایینی ئیسلامیدا{نەک ئیسلامی سیاسی}گونجاو تر بوو،لەڕووی کۆمەڵناسیشەوە ژیانی ئەو سەردەمە و پێکەوە هەڵکردن زۆر ساکارترو سادە و ئاسانتر بوو ،ئەوسا کێشەی نەوت و نەتەوەش لە نێوانماندا نەبوو!!کوردیش زۆرینەی نەخوێنەوارو ساکار بوو،بەڵام لەم 80 ساڵەدا گەلیٚ لە نەتەوەکانی جیهان بوونە خاوەنی دەوڵەتی خۆیان کە هەندێکیان قەوارەیان هێندەی شارۆچکەیەکی کوردستانە! نەتەوەی کوردیش بە تایبەتی دوای شۆڕشی ئەیلوول و زیاتریش بە تایبەتی نەوەی دوای هەڵەبجە و ئەنفال و ڕاپەڕین ،پێدەچیٚ لە داهاتوودا لە گەڵ عێراقدا هەڵنەکەن،ڕەنگە هەندیٚ سیاسەتمەداری کورد ئێستا بڵێن: گریمان وا خۆپیشاندانی ملیۆنی بۆ ڕیفراندۆم لە کوردستان و هەندەران کرا ،حکومەت وپارلەمانی کوردستان پشتیوانی لیٚ کرد وبە چەکی دیمۆکراسی فشارمان خستە سەر ئامریکا و یوئێن وپاشان لە ڕێگەی ڕیفراندۆمەوە وەکوو تەیمووری ڕۆژهەڵات بووینە خاوەنی دەوڵەتی کوردی!ئایا ئەوە چارەسەرە یان سەرەتای کێشەیەکی تر!!منیش لە وەڵامدا دەبیٚ بڵێم قانوونێکی سرووشتە کە هەموو چارەسەرێک کێشە بە دوای خۆیدا دەخولقێنیٚ!پێچەوانەی ئەمەش ڕاستە!ئەمە سوڕی ژیانە و کوردیش لەمەودوا پێویستە مەحکوم بیٚ بە ژیان نەک تەنیا بە مردن!! چارنییە و پێویستە لەم ساڵە چارەنووس سازەدا چارە نووسی خۆمان ،خۆمان دیاری بکەین، دەنا سبەینیٚ دووبارە چارەنووسمان بۆ دیاری دەکەن !!!

## کێشەی کورد کێشەی ناسنامە و کەسایەتی یە

کورد لە بەردەم وەرچەرخانێکی چارەنووس سازدایە،هە ر ئێستا بارو دۆخەکە لەوە دەچیٚ،کە هەموو خەڵکی باشووری کوردستان لە ناو بەلەمێکدا بن و هەردووسەوڵی بەلەمەکەش،یەکێکیان بە دەستی یەکێتیەوە و ئەویتریان بە دەستی پارتیەوە بێت! جا ئەگەر لەم کاتە زریاناویەدا هەردوو کاپیتانەکان بە هاوکاری هاوئاهەنگی وبە ووریایی یەوە وبۆ یەک ئامانج سەولَیان لێدا ئەوا نەک هەر بەلەمەکە لەم دەریا پڕ گێژاوەدا ڕزگاری دەبیٚ،بەڵکوو کاپیتانەکانی بەلەمەکەش بە سەرفرازییەوە لەم زریانی مێژووەدا ڕزگار دەبن بە پێچەوانەوە ئەگەر هەرلایەک بۆ خۆی و ناهاوکات سەوڵی لێدا،ئەوا بە پێی یاسایەکی فیزیکی و سرووشتی بەلەمەکە ناچێتە پێشەوە و هەر لە شوێنی خۆیدا دەخولێتەوە،لەوانەشە لە گەڵ تێپەڕبوونی کاتدا شەوومان بە سەردا بێت و لە ناو زریانی دیمۆکراسیدا ڕێگەی چارەنووسمان لیٚ وون بێت!

کاک مەسعوود بارزانی دەڵێ:{نامانەوێ چیتر ببینە هاووڵاتی پلە دوو}جوانە،بەڵام چۆن لە هاووڵاتیبوونی پلە دوو ڕزگارمان دەبێ؟!مێژووی ڕابردوومان و ئێستاشی لە گەڵ بێت کێشە سیاسییەکەمان بریتییە لە کێشەی ناسنامە و کەساییەتی کورد .ئەو هەڵاواردن و بەچاوی پلە دوو سەیرکردنە لە لایەن زۆرینە عەرەبەوە هەر لە منالّییەوە،هەر لە قوتابخانەکانەوە لە سەربازخانەکانەوە ، لە بەندیخانەکانەوە،لە هەموو خانەکانەوە چووەتە خوێنمان و سەرکوێرییان کردووین ونەخوێنەوارییان کردووین و پاشانیش ووتویانە کە گەلی کورد کێوی و نەخوێنەوارە !!ئەمە نەک هەر لە لایەن ڕژێمی بەعسی ڕووخاوەوە،بەڵکوو پێشتریش و بگرە لە زەمانی پاشاییەتیەوە تەعریب دەستی پێکردووەو عارەب بە چاوی هاووڵاتی پلە دوو تەماشای کووردی کردووە،ئەمە بە درێژایی هەشتاوچوار ساڵ مێژووی عێراق چووەتە ناو مێژووی کۆمەڵگەو سایکۆلۆژیای عەرەبی عێراقەوە،ئەمە نەک هەر بۆ عەرەب ،بەڵکوو بۆ کوردیش هاووڵاتی پلە دوو بە درێژایی مێژوو بووەتە گرێکوێرەی دەروونی و تا وای لێهاتووە مرۆڤی کورد لە ئازادی کەسایەتی و سروشتی خۆی سڵ بکاتەوە بۆیە سیانزە ساڵ دوای ئازادی و ڕاپەڕین و تەنانەت دوای ڕووخانی دیکتاتۆریش،هێشتا زۆرینەی کورد{لە کاتی گفتوگۆکاندا}لە بەرانبەر عارەبی عێراق یان لە بەردەم ئەمەریکێکاندا هەست بە کەمایەتی بوونی خۆی دەکات ! لە ڕاستیشدا تا لە عێراقدا بمێنینەوە هەر کەماییەتی دەبین وعێراقیش هەرگیز نابێتە سویسرا! لە ڕاستیدا سویسراش ئەگەر وولاتی هاوسێی وەکوو سوریا وتورکیا وئێران وشێخ نشیینە عەرەبیەکانی هەبووایە مەحاڵ بوو ،دیمۆکراسی تیا سەوز بێت.

## سیناریۆی ڕیفراندۆم لە ساڵێکی وەرچەرخانی مێژوومانداا

ئێستا سەرکردایەتی سیاسی کوردستان دوا فرسەتی لەبەردەم گەڕانەوەی ناسنامەی نەتەوایەتی و ڕزگاربوونی یەکجاری لە هاووڵاتی پلە دوو بە دەستەوە ماوە کە ئەویش بریتییە لە کۆکردنەوەی زیاتر لە دوو ملیۆن دەنگ بۆ ڕیفراندۆم لەکوردستاندا،ئەمە سەرمایەیەکی مرۆیی و نەتەوەییە کە سەرکردایەتی کورد دەتوانێ بیقۆزێتەوە بۆ دیاریکردنی چارەنووسی خۆی و ڕاپەڕینە مەزنەکەی ئازاری 1991.. لە دەستچوونی دەرفەت لە دەستچوونی مێژووە! سەرکردایەتی سیاسی کوردستان دەتوانێ بە ئاشکرا و بێ پشت پەردە شەڕی دیمۆکراسی بە ڕێبازی دیمۆکراسی لە بەرانبەر ئەمریکا و جیهاندا بکات !ڕای گشتی کوردستانی دەتوانێ خۆپیشاندان بۆ ڕیفراندۆم لە کوردستان و هەندەران ساز بکات و لایەنگر و پشتیوانانی {ڕیفراندۆم و دیمۆکراسی} لە ناو هاووڵاتیانی دیمۆکراتی ئەوروپا و ئەمریکاشدا زۆرن، کە لەم 35 ساڵەی دوایدا زۆربەییان کارەساتەکانی کوردییان بە {کۆڕەو وهەڵەبجە و ئەنفالیشەوە} لە سەر شاشەی تی ڤی یەکانی ئەمەریکا و ئەوروپاوە بە چاوی خۆیان دیوە،کەواتە ئیجازە بفەرموون بە ناوی دوو ملیۆن ئیمزاوە دوا لە بەڕێزان مام جەلال وکاک مەسعوود بکەم کە دەنگ بدەن بە ڕیفراندۆم لە کوردستاندا، نەک هەڵبژاردن لە عێراق ڕیفراندۆم دەنگی دوو ملیۆن دڵ پڕلە هیوای کوردستانە و40 ملیۆن کورد لە چاوەڕوانی دایە.!